# وەرگێران یان هەڵگێرانەوەو شێواندنی مانا لە وەرگێرانی شیعرێکی (مایا ئەنجێلۆ) یا (پامێلا ریدمۆند)؟!

وەرگێرانی شیعری (هەموو ئافرەتێ دەبێ..) لە ماڵپەری دەنگەکان لە 2008\6\14 لەلایەن (نیگار نادر) بلاوکراوەتەوە, چەند هەڵەیەك لە وەرگێرانەکە هەیە کە مانای تێکستەکەی زۆر گۆریوەو لە هەندێ شوێنیشدا شێواندووە, لەبەر ئەوە پێویستم زانی وەرگێرانێکی دی بۆ ئەو تێکستە بکەم هەولێشم داوە هەڵەکانیش دەستنیشان بکەم و راستیان بکەمەوە.

جگە لەو هەلاّنەش کە وەرگێر تێیانکەوتووە, ناوی نوسەری تێکستەکەشی بە هەڵە بردووە کە رەنگە لێرەدا زۆر هەڵەی ئەو نەبێ چون ئەو تێکستە کە لە بنەڕەتدا نوسەری ئەمریکی(پامێلا رێدمۆند ساتران) نوسیویەتی کەچی چەندین ساڵە لە ماڵپەرەکان دراوەتە پاڵ (مایا ئەنجێلۆ). من کە وەرگێرانەکەم خوێندەوە بەدوای دەقە ئینگلیزییەکە گەڕام لە ماڵپەرێکا تێبینییەکم خوێندەوە کە یەکێك لە خوێنەرەکان نوسیبووی کە ئەم تێکستە هی (مایا ئەنجێلۆ) نییە بەڵکو هی پامێلایە , تێکستەکەی پامێلا بەو ناونیشانەیە: **(30 شت کە دەبێ هەموو ئافرەتێ بیزانێ کاتێ دەبێتە 30ساڵ)**, بەلاّم من هەمان ئەو تێکستەم وەرگێراوەتەوە کە (نیگار نادر) وەریگێراوە, دیارە کە تێکستەکە دراوەتە پاڵ مایا ئەنجێلۆ کورتکراوەتەوە.

لە وتارێکا کە دەتوانیت لەو لینکەدا بیبینیت:

[http://www.huffingtonpost.com/pamela-redmond-satran/i-wrote-maya-angelous-be_b_56824.html](http://www.huffingtonpost.com/pamela-redmond-satran/i-wrote-maya-angelous-be_b_56824.html)

پامێلا نوسیوێتی: من باشترین شیعری (مایا ئەنجێلۆ)م نوسیوە ,

ئەو دەنوسێ: ئەو تێکستەم لە ئایاری 1997 لە گۆڤاری ئەمریکی (گلامەر : (Glamour) بلاوکردۆتەوە لە ستونێکا کە تا ئێستاش دەینوسم,

ئەم نوسەرە خۆی دەلێ کە ئەو زۆر پەستە بەوەی کە زۆر کەس د. مایا بە خاوەنی ئەم شیعرە دەزانن, خۆیشی هەوڵی داوە کە پەیوەندی بە مایا ئەنجێلۆ بکا بۆ ئەوەی داوای لێبکا کە رونکردنەوەیەك لە مالپەڕەکەی خۆی بنوسێ و ئەم هەڵەیە راستبکاتەوە بەلأم دواتر وازی هێناوە....

بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بگەڕێنەوە بۆ ماڵپەری:

[www.pamelaredmondsatran.com](http://www.pamelaredmondsatran.com)

***تێبینی: دوای دووبارە وەرگێرانی دەقەکە لەرێگەی ئیمەیلەوە پەیوەندیم بە پامێلا ریدمۆند کرد بۆ ئەوەی زیاتر دلنیا بم کە ئەو خاوەنی ئەو تێکستەیە , لە وەلأمی ئیمەیلەکەمدا دوپاتی ئەوەی کردەوە کە ئەو خاوەنی تێکستەکەیە , خوێنەر دەتوانێ لە رێگەی ئیمەیلی ئەم نوسەرە کە لە ماڵپەرەکەیدا نوسراوە پەیوەندی پێوە بکات و لەوبارەوە داوای زانیاری لێبکات...***

وەرگێرانەکە چەند هەڵەیەکی زۆر زەقی تێدایە کە ئاسایی نییە بەسەر کەسێك تێپەڕێ کە کاری وەرگێرانی کردبێ یا هەر تۆزێك زمانی ئینگلیزی شارەزابێ, من لێرەدا تەنیا ئاماژە بەو هەڵانە دەکەم کە زۆر دیارن, دیارە بۆ تێبینیکردنی هەڵەکانی دیکە خوێنەر دەتوانێ هەردوو وەرگێرانەکە بەراورد بکات و گەر بشیەوێ دەتوانێ دەقە ئینگلیزییەکەش بخوێنێتەوە:

1.یەکەم هەڵەی زۆر زەق لە دووەم پەرەگرافی تێکستەکەدایە , وەرگێر لەبری بەکارهێنانی وشەی (خاوەن کار) کە بەرامبەری وشەی
***(Employer)***ە لە زمانی ئینگلیزی وشەی( **کارمەند**)ی بەکاربردووە کە زۆر مانایان جیاوازە, لەهەمان شوێن دیسان کەوتۆتە هەڵەوە کاتێ لەبەرامبەر وشەی (
**Date** وشەی (**ژوان**) ی داناوە, (یەك لە ژوانی خەونەکانی ویستی ببیبینێ) ئەو دێرە جگە لەوەی وەرگێرانێکی هەڵەیە تەنانەت کوردییەکەشی روون نییە ,چون ژوان ناتوانێ بیەوێ کەسێك ببینێ بەڵکو ئەوە هاوژوانە دەتوانێ ئەو داوایە بکا کە هەر ئەوەش وشە راستەکەیە لەبەرامبەر وشە ئینگلیزییەکەلەو دێڕەدا, راستە وشەی
**Date** واتە ژوان بەڵام هەموو وشەیەك چەندین مانای هەیەو ئەم وشەیەش لە ئینگلیزی ئەمریکی بە مانای هاوژوانیش بەکاردەبرێ نوسەریش خۆی ئەمریکییە, وەرگێر نوسیوێتی :

**ژنێك دەبێ**

**شتێکی وەها لەباری هەبێ بیپۆشێ**

**ئەگەر کارمەندێك یا یەك لە ژوانی خەونەکانی**

**ویستی لە کاتژمێرێکدا**

**بیبینی**

دوای دوبارە وەرگێران:

**هەر ئافرەتێ**

**دەبێ شتێکی گونجاوی هەبێ لەبەریبکا**

**گەر خاوەن کارەکەی**

**یا هاوژوانی خەونەکانی بیەوێ لە کاتژمێرێکا ببینێ**

2. لە پەرەگرافی 5 وەرگێر نوسیوێتی :

**هەر ژنێك دەبێ برادەرێکی هەبێت**

**کە هەمیشە بیهێنێتە پێکەنین**

**هەروەها برادەرێك کە**

**گریانەکانی**

**لێ بەکرێ بگرێ**

**دوای دوباره وەرگێران:**

**هەر ئافرەتێ دەبێ**

**هاوڕێیەکی هەبێ کە هەمیشە بیخاتە پێکەنین....**

**هاوڕێیەکیش کە بهێڵێ بگری**

وەرگێرانی ئەم دێرە ئەوە نیشان دەدا کە وەرگێر هیچ بیری لە ئینگلیزییەکە نەکردۆتەوە کاتێ کردوویەتییە کوردی,

Lets her cry

واتە رێگای دەدا بگری نەك بە کرێدانی گریان ئەوە زۆر روونە چون ئەو فرمانە بەو مانایە بەکار نایەت تایبەت لەو رستەیە.

3.لە پەرەگرافی 8 وەرگێر وشەی **دووریەتی** بەرامبەر **Destiny** بەکارهێناوە کە لە بنەرەتدا واتە **قەدەر** .

4. پەرەگرافی 9 خۆی 3 دێرە کەچی 2 دێری هەڵەیە, وەرگێر نوسیوێتی:

**هەر ژنێك دەبێ بزانێ**

**لەکوێ زەحمەتەکان تاقیدەکاتەوە**

**لەکوێ بەڕێگادا دەڕوا**

دوای دوبارە وەرگێران:

**هەموو ئافرەتێ دەبێ بزانێ**

**کەی باشتر هەوڵبدا و...**

**کەی وازبێنێ**

Try واتە هەوڵدان بەڵام لە هەندێ حاڵەت بە مانای تاقیکردنەوە

**بەکاردێ کە ئەمە بۆئەم رستەیە راست نییە.**

**Walk away واتە وازهێنان و بەجێهێشتنی شتێك بەڵام وەرگێر چون فرمانی**

**Walk ی بە تەنیا وەرگرتووە نەك وەکو برگەیەك لەگەڵ وشەکەی دوای خۆی لەبەر**

ئەوە کەوتۆتە ئەو هەڵەیە گەورەیە چون فرمانەکەی بە مانای بە رێگا رۆیشتن

بەکاربردووە.

5. پەرەگرافێك بەر لە کۆتایی دیسان وەرگێر کەوتۆتە هەڵەوە کە نەیزانیوە

Wood لەزمانی ئینگلیزی واتە دارستان بەهیچ شێوەیەك

A charming inn in the wood ناکاتە: خانوویەکی دارین بەڵکو

واتە خانێکی یا هۆتێلێکی دڵفرێن لە دارستان , مانای ئەم دوو دێرە زۆر

جیاوازە. هیوادارم نوسەر و شاعیر و وەرگێرانی کورد لەوە زیاتر گرنگی بەو

کارانە بدەن کە لە بلاویدەکەنەوە چون وەرگێران کارێکی پیرۆزە و

یارمەتیدانی خوێنەرە بۆ تێگەیشتن لە دەق و نەهێشتنی ئەو بەربەستەیە کە

نەزانینی زمانێك دروستی دەكا نەوەك بەهەڵەبردنی خوێنەر و شێواندنی مانای دەقی وەرگێردراو.

## ئەوەی کە هەموو ئافرەتێ دەبێ بیزانێ کاتێ دەبێتە 30 ساڵ

## پامێلا ریدمۆند ساتران

هەر ئافرەتێ دەبێ...
ئەوەندە پارەیەی لەبەردەستابێ
کە بتوانێ ماڵ جێبێلێ و
شوێنێك بۆ خۆی بەکرێ بگرێ,
گەرچی هەرگیز نەشیویست و پێویستی پێنەبوو..

هەر ئافرەتێ
دەبێ شتێکی گونجاوی هەبێ لەبەریبکا
گەر خاوەن کارەکەی
یا هاوژوانی خەونەکانی بیەوێ لە کاتژمێرێکا ببینێ

هەر ئافرەتێ دەبێ
لاوێتییەکی هەبێ کە بە قەناعەتەوە
بەجێیبێلێ

هەر ئافرەتێ
دەبێ رابردوویەکی ئەوەندە سەرنجڕاکێشی هەبێ
کە تامەزرۆی گێرانەوەی بێ
لەتەمەنی پیرێتیدا

هەر ئافرەتێ  دەبێ خاوەنی
تاقمێ دەڕنافیز و درێلێکی بێ وایەرو
سوخمەیەکی دانتێلی رەش بێ

هەر ئافرەتێ دەبێ

هاوڕێیەکی هەبێ کە هەمیشە بیخاتە پێکەنین....

هاوڕێیەکیش کە بهێلێ بگری

هەر ئافرەتێ دەبێ

پارچەیەك کەل و پەلی هەبێ

کە پێشتر هی کەسێکی دی نەبووبێ

لە خێزانەکەیان...

هەر ئافرەتێك دەبێ خاوەنی
هەشت قاپی هاوشێوەو
پەرداخی شەرابی لاسك باریك و
کاتالۆگی لێنانی ژەمێك بێ
کەوا لە میوانەکانی بکەن
هەست بکەن رێزیان لێگیراوە

هەر ئافرەتێ دەبێ
خاوەنی هەستی زالبوون
بەسەر قەدەری خۆی بێ ...

هەموو ئافرەتێ دەبێ بزانێ
چۆن دەکەوێتە داوی خۆشەویستییەوە
بێ ئەوەی خۆی لەدەست بدا

هەموو ئافرەتێ دەبێ بزانێ
چۆن واز لە کارێك بێنێ
چۆن پەیوەندی ببڕێ لەگەڵ خۆشەویستەکەیاو
روبەرووی هاورێیەکی ببێتەوە
بێ ئەوەی هاوڕێتییەکە تێکبدا

هەموو ئافرەتێ دەبێ بزانێ
کەی باشتر هەوڵبدا و... کەی وازبێنێ

هەموو ئافرەتێ پێویستە بزانێ
کە ناتوانێ درێژایی پوز و
بەرینایی سمتی و
سروشتی باوانی بگۆڕێ

هەموو ئافرەتێ پێویستە بزانێ
کە لەوانەیە منداڵێتی نموونەیی نەبوبێ
بەڵام کۆتایی هاتووە..

هەموو ئافرەتێ دەبێ بزانێ
کە دەبێ چی بکا یا نەکا
بۆ خۆشەویستی یا زیاتر..

هەموو ئافرەتێ دەبێ بزانێ
چۆن بە تەنیا بژی
هەرچەند حەزیشی لێنەبێ..

هەموو ئافرەتێ دەبێ بزانێ
کە دەتوانێ متمانە بە کێ بکا و
ناتوانێ بە کێی بکا و
بۆچی دەبێ
بە کەسیی وەرینەگرێ...

هەموو ئافرەتێ دەبێ بزانێ
بۆ کوێ بڕوا..
ئەوکاتەی رۆحی پێویستی بە هێوربوونەوە هەبوو
گەر بۆ سەر مێزی مەتبەخی باشترین هاوڕێی بێ
یا هۆتێلێکی دڵرفێن لە دارستانا..

هەموو ئافرەتێ دەبێ بزانێ
کە دەتوانێ
چی بەدەستبێنێ لە رۆژێکا
لە مانگ و... لە ساڵێکا...

فریشتە